


# دوای ئەوەی لە یەکەم یانەی هەولێر سبەی ڕووبەڕووی

ئا: ڕێبین ڕەمزی

لە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو دا یانەی هەولێر لە یەکەم یاری خۆیدا لە جامی یەکێتی ئاسـیا تووشی دۆڕان هات لەگەڵ یانەی مەبرەی لوبنانی بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر، لەم یارییە یانـەی هەولێر ئاسـتێکی یەکجار خراپی نیشـاندا کە بووە جێـگای نیگەرانی جەماوەرەکی، کە شایسـتەی ئەم دۆڕانە بوو، وا بڕیارە یانەی هەولێر لە دووەم یاری خۆیدا میوانداری یانـەی عەربی کوێتی بکات، یانەی عەرەبی لە یەکەم یاری خۆیدا ئاسـتێکی زۆر باشی نیشـاندا و توانی بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ لە یانەی عروبەی عوممانی بباتەوە، لەم یارییە دەبێ یانەی هەولێر ئەم هەڵانە چاکبکاتەوە کە لە یاری یەکەم روویدا، هەروەها کار لەسـەر ئـەم هێڵانە بکرێت کە لە یاری یەکەم لاوازیـان پێوە دیار بوو، وا چاوەروان دەکرێت لەم یارییە یاریزان ویسام زکی بەشـداری بکات دوای چاکبوونەوەی لە پێکانەکـی، لە لایەکی دیکەدا یانـەی زەورا توانی لە یەکەم یـاری خۆیدا بـە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ لـە یانەی هیلال ساحلی یەمەنی بباتەوە گۆڵەکانیش لە ڕێگای یاریزانان سالار عەبدولجبار و عەممار کازم تۆمار کران، سـبەی سێشـەممە یانەی زەورا دەبێتە میوانی یانەی سـەفای لوبنانی، ئەمەی خوارەوەش خشـتە و ئەنجامەکانی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیایە.

### کۆمەڵەی یەکەم

هەر یەك لە یانەکانی بسـێتین بەحرین و تەلال یەمەن و عەهد لوبنان و نیڤتچی ئۆزبکسـتان یاری دەکەن، ئەنجامەکانیشی بەم شێوەی خوارەوە بوو

تەلال — بسێتین ١-٣
عەهد — نیڤتچی ٦-١
یارییەکانی ڕۆژی سێشەممە
نیڤتچی — تەلال
بسێتین — عەهد

### کۆمەڵەی دووەم

لـەم کۆمەڵەیـە یانەکانی زەورای عێراقی و هیلال سـاحلی یەمەنی و سـەفای لوبنانی و سـویق عومانی یاری دەکەن، ئەنجامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

زەورا — هیلال ساحل ٢-٠
سوێق — سەفا ٠-١
یارییەکانی ڕۆژی سێشەممە
سەفا — زەورا
هیلال ساحل — سوێق

### کۆمەڵەی سێیەم

لـەم کۆمەڵەیە یانەکانی هەولێـر و عەربی کوێتی و مەبرەی لوبنانی و عروبـەی عومانی یاری دەکەن، ئەنجامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

مەبرە — هەولێر ١-٠
عەربی — عروبە ٢-٠
یارییەکانی ڕۆژی سێشەممە
هەولێر — عەربی
عەروبە — مەبرە

### کۆمەڵەی چوارەم



# یاری تووشی شکست هات یانەی عەربی کوێتی دەبێتەوە

لەم کۆمەڵەیە یانەکانی کەرامەی سووری و وەحداتی ئوردنی و کوێتی کوێتی و مۆهون باگانی هیندی یاری دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە زۆر بەهێزە و رکابەرییەکی زۆر بەهێز لە نێوان هەر چوار یانە هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەنجامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەی خوارەوەیە.

کەرامە — مۆهون باگان ١-٠

وەحدات — کوێت ١-١

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

کوێت — کەرامە

مۆهون — وەحدات

**کۆمەڵەی پێنجەم**

لەم کۆمەڵەیە یانەکانی مەحەرەقی بەحرێنی و فەیسەلی ئوردنی و دیمبۆ هیندی و مەجدی سووری یاری دەکەن و ئەنجامەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

دیمبۆ — مەجد ١-٠

مەحەرەق — فەیسەلی ٠-٠

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

مەجد — مەحەرەق

فەیسەلی — دیمبۆ

**کۆمەڵەی شەشەم**

لەم کۆمەڵەیە یانەکانی جۆهۆر مالیزیا و فی بی دوورگەکانی مالدیف و باکووری چین هۆنگ کۆنگ و مەیدان ئەندنوسیا یاری دەکەن، ئەنجامی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

باکووری چین — مەیدان ٣-٠

جۆهۆر — فی بی ٠-٠

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

مەیدان — جۆهۆر

فی بی — باکووری چین

**کۆمەڵەی حەوتەم**

لەم کۆمەڵەیە یانەکانی قەدح مالیزیا و هوا بهات هانۆی ڤێتنام و تشۆنبۆری تایلاند و ئیسترن هۆنگ کۆنگ یاری دەکەن، ئەنجامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

تشۆنبۆری — ئیسترن ٤-١

هوا بهات هانۆی — قدح ٣-١

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

ئیسترن — هوا بهات هانۆی

قدح — تشۆنبۆری

**کۆمەڵەی هەشتەم**

لەم کۆمەڵەیە یانەکانی ڤالنسیا دوورگەکانی مالدیف و هۆم یۆنایتد سەنغافورە و بیکامکس بینە دۆنگ ڤێتنام و دەسەڵاتی کارەبای ناوخۆی تایلاند یاری دەکەن، ئەنجامەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

هۆم یۆنایتد — بیکامکس بینە دۆنگ ٢-١

ڤالنسیا — دەسەڵاتی کارەبای ناوخۆ ١-٣

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

دەسەڵاتی کارەبای ناوخۆ — هۆم یۆنایتد

بیکامکس بینە دۆنگ — ڤالنسیا

## دیل بۆسکی:

# ڕاگەیاندن تەنیا سەیری تەکتیک دەکات و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات




**لەنێو ڕاهێنەرە بەناوبانگەکانی جیهانی دیل بۆسکی باش دەناسرێ کە پیاوێکی روح سووك و لەسەر خۆیە و حەز ناکات خۆ بە دیار بکات و زۆر قسەش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناکات کە لە کاتەی یاریزان و ڕاهێنەریش بووە لە یانەی ریال مەدرید کە توانیوویەتی زۆرترین نازناو بۆ یانەی شاهانە بە دەست بهێنێ، دیل بۆسکی زۆر رقی لەو پرسیارەیە کە پێی دەڵێن هەستت بە چی دەکەی کە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئیسپانیات پێ سپێردراوە دوای ئەوەی نازناوی یۆڕۆی (٢٠٠٨)ی لەژێر سەرکردایەتی لویس ئاراگۆنێس بە دەستهێنا، ئەم دیمانەیەش لە گۆڤاری سوپەر ئەنجامدراوە ئێمە بەباشمانزانی لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بڵاوی بکەینەوە.**

*** تۆپی پێ چی دەگەیەنێ بۆ تۆ و گەورترین ئاواتت لەگەڵ ئیسپانیا چییە؟**

- تۆپی پێی بە تەنیا کاری من نییە بەڵکو هەموو ژیانمە و ئاواتمە چانس یاوەرم بێ و سەرکەوتوو بم لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە جامی جیهانی کیشوەرەکان و مۆندیالی جیهانی (٢٠١٠).

*** وای بۆ ناچی کە کاتی جامی کیشوەرەکان گونجاو نییە لەبەر ئەوەی لە نێو یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیال ئەنجام دەدرێ؟**

- من لەگەڵ ئەو بۆ چوونی تۆ جیاوازم بە تەئکید بۆ ئێمە بە سوودە سەرەڕای ئەوەی پاڵەوانیەتیەکە زەحمەتە لەبەر ئەوەی ئێمە ئەرکێکی نیشتمانیمان لەسەرە، چونکە ئێمە خاوەن یۆڕۆی (٢٠٠٨)ین و ئێمە تەنیا نوێنەرایەتی ئیسپانیا ناکەین بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو ئەوروپا دەکەین.

*** چ شێوازێك و فەلسەفەیەکت هەیە وەکو ڕاهێنەر؟**

- شێوازی من لە چوار خاڵ خۆی دەبینێ، یەکەمیان دەبێ لە بەرزترین شێوەی توانای لەش بن و دووەمیش دەبێ زیرەك بن بەشێوەیەکی هونەری و سێیەمیان دەبێ بۆ هەر یارییەك شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە و چوارمیش دەبێ هەموو یاریزانەکان بە گیانێکی بەرز و لێپرسراوی بۆ بەرژەوەندی یانەکەیان یاری بکەم.

*** بۆ بەم شێوازە یاری دەکەیت؟**

- ڕۆژنامەنووسـان دەیانەوێ بزانن بۆ بە یەك یاریزان یان دوو یاریزان لە پێشـەوە یاری دەکەین و دەپرسن و دەڵێن بۆ لە ناوەڕاستی یاریگا بە یەك یاریزانی هێڵی بەرگری یاری دەکەن و هەموو ڕاهێنەرێك شێوازی خۆی لە یاریکردن هەیە و لەوانەشە پاش ماوەیەکی کورت تیایدا سەرکەوتوو دەبێت، ئێمەی ڕاهێنەر دەبێ سوود لە هەڵەکانمان وەربگرین.

*** ئایا ئەمە گەورەترین کۆسپەیە بۆ تۆ؟**

- نەخێر بەڵکو لەوەش زەحمەتر هەیە ئەویش چۆن یاریزانی لێهاتوو هەڵدەبژێریت ژمارەیەکی یەکجار زۆر یاریزانی باش لەبەردەستدایە.

*** ئەرکی سەرکی ڕاهێنەر چییە؟**

- سـەرەتا دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن (١١) یاریزان بۆ پێکهاتەی سەرەکی دەست نیشان بکات و دەبێ ئەو یاریزانە هەڵبژێرێ کە گوێڕایەڵـی فەرمانەکانی ڕاهێنەر دەبێت و توانای لەشی لە ئاسـتێکی بەرزدا بێت و بتوانێ بە یەك ئاسـت هەردوو گێم تەواو بـکات، ڕاهێنەر دەبێ پلانێکی توکمە دابڕێژێ بۆ ئەوەی سـەرکەوتن لە کارەکانی تۆمار بکات.

*** ئایا تیپی ڕێك و پێك هەیە؟**

- تۆپی پێی ئەو سەردەمە پێویستی بە یاریکردنی بە پەلە و توانایەکی باشی لەشی هەبێت، شتێکی زەحمەت نییە کە بتوانی تیپێك دروست بکەی کە بەشێوەیەکی گشتی هێڵی بەرگری و هێرشبەر وەکو یەکدی ئاست بەرزبن، بۆ نموونە یانەی ئەجاکـس و هەڵبژاردەی هولەندە لـە حەفتایەکان و لە سـەدەی بیسـتەم تۆپی پێی هەموو هێرش دەکەن و هەمووشیان بەیەکەوە بەرگری دەکەن.

*** وات پێ باشـە پێش هەموو یارییـەك یاریزانەکانی لە مۆتێلێك کۆبکرێنەوە؟**

- دەبێ سـەیری ئەو یارییە بکرێ، مـن وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا پێم باشە پێش هەموو یارییەك هەموو یاریزانەکان لەیەك شـوێن کۆبکەمەوە تا لە کەش و هەواکە ڕابێـن، چونکە ئەم یاریزانانـە هەریەکەو لە یانەیەك یاری دەکەن.

*** کار چۆن دەبوو کە ڕاهێنەری یانەیەك بوایت؟**

- بەرای من کە هەر یارییەکمان لە دەرەوەی شـار بێت پێم باشە لەیەك شوێن کۆببینەوە.

*** تۆ وەك ڕاهێنەر چۆن یاریزان هەڵدەبژێریت؟**

- بەشـێوەیەکی گشـتی ئەمە گرانترین کاری ئێستایە، چونکە یاریزانەکان ماندوون و پاڵەپەستۆیان لەسەرە یانەی گەورە و دەیان هەڵبژاردە دەبێ خاوەنی ٢٠ تا ٢٥ یاریزانی لێهاتووی هەبێت.

## دیل بۆسکی کێیە

- ناو: فیسنت دیل بۆسکی
- لە (٢٣-١٢-١٩٥٠) لە شاری سالامانکا لە دایکبووە
- لەو یانانە یاریکردووە
- ڕیال مەدرید کاستیا (١٩٦٩-١٩٧١)
- کوردوبا (١٩٧١-١٩٧٢)
- کاستیلۆن (١٩٧٢-١٩٧٣)
- ڕیال مەدرید (١٩٧٣-١٩٨٤)
- لە ٤٤١ یاری لە خولی ئیسـپانیا بەشـداریکردووە و (٣٠) گۆڵیشی تۆمار کردووە.
- ١٨ یاری بۆهەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجامداوە تەنیا یەك گۆڵی تۆمارکردووە.
- لەگـەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشـداری یۆرۆی ١٩٨٠ی کردووە.



## وەکو ڕاهێنەر

- ڕیال مەدرید کاستیا (١٩٨٥-١٩٩٠)
- ڕیال مەدرید ١٩٩٤ دواتر ١٩٩٦ پاشان ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣
- بێشکتاشی تورکی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)
- هەڵبژاردەی ئیسـپانیا لە (١٥)ی یۆلیـۆی ٢٠٠٨ و تا ئێستاش بەردەوامە.

دەستکەوتەکانی وەکو یاریزان

- نازناوی خولی ئیسـپانیا (٥) جار
- نازناوی جامی ئیسپانیا (٤) جار

## دەستکەوتەکانی وەکو ڕاهێنەر

- نازنـاوی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا لەگەڵ ڕیال مەدرید سـاڵانی (١٩٩٩ — ٢٠٠٠-٢٠٠١-٢٠٠٢)
- پاڵەوانـی خولـی یانەکانی ئیسـپانیا (٢٠٠٠-٢٠٠١)، ( ٢٠٠٢-٢٠٠٣).
- جامی سوپەری ئیسپانیا (٢٠٠٢)
- جامی یانەکانی جیهانی (٢٠٠٢).



## بێجان ئیبراهیم

# نەبوونی هۆڵی داخراو گەورەترین کۆسپە لەبەردەم چالاکییەکانمان

بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشـــی و دێدەوانی ســـاڵانە چەندین خولی جۆراو جۆر لە گشـــت یارییەکان ئەنجـــام دەدات و چەندین خولی ڕاهێنەرایەتی و مەشـــق بۆ مامۆستایان دەکاتەوە، ئێمە بەباشمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ مامۆستا بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکی و وەرزشی و دێدوانی هەولێر سازبدەین.

دیمانە: ئەردەلان قادر

*** چالاکی ئەمساڵتان لە وەرزش چی بوو؟**

- ئەمساڵ لە (٥) یاری چالاکیمان ئەنجامدا لەوانە ( تۆپی پێی — تۆپی دەست — تۆپی باڵە — باسکە — تۆپی سەرمێز).

*** ئاستی خولەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە ئاستێکی باشدابوو لە وەرزی ئەمساڵ زۆرترین قوتابخانە بەشدارییان تیایدا کردبوو.

*** کێشە و گرفت هەبوو؟**

- نەخێر، هیچ شتێك نەبوو کاری سلبی بکاتە سەر خولەکە.

*** ئاستی ناوبژیوانان چۆن بوو؟**

- مام ناوەندی بوو کاری سلبی لەسەر ئەنجامەکان نەبوو.

*** لەلایەن قوتابخانەکانەوە گلەیەکی زۆر لە ناوبژیوانان دەکرا تۆ چی دەڵێت؟**

- ئـــەو تیپی بدۆڕێنێ بە بەردەوامی هۆی دۆڕاندنەکەی دەخاتە ســـەر ناوبژیوان، ئێمە چەندین خولمان بۆ ناوبژیوانان کردۆتەوە، بەڵام پاش تەواو بوونی خولەکە مامۆستاکان ئامادەی یارییەکان نابن.

*** کەی فیستیڤاڵی ئەمساڵی قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێ؟**

- لەم مانگە ئەنجام دەدرێ و خۆمان بە باشی ئامادە کردووە.

*** گلەیـــی لەوە دەکرێ کـــە ئەو کەل و پەلانەی کە دابەش دەکرێ وەکو پێویســـت ســـوودی لێوەرناگیرێ؟**

- کەل و پەل لە لایەن وەزارەت دابەش دەکرێ و جل و بەرگەکانیش زۆر باش بوون.

*** گەر شتێکت هەیە بیڵێت؟**

- نەبوونی هۆڵی داخراو گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم ئەنجامدانی چالاکییەکان و داوا دەکەین کە هەندێ کەل و پەلمان بۆ دابین بکەن وەکو گۆڵی تۆپی پێ و دەســـت و ســـتوونی باڵە و بۆردی باسکە و هۆکارەکانی گۆڕەپان و مەیدان.

### لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان

# دێربی کەرکووک ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە



لە چوارچێوەی یارییەکانی جەولەی شەشەمی قۆناغی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێی کە ١٦ یانە لە ململانێیەکی بەهێزدان بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە کە ساڵانە لە لایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سەرپەرشتی دەکرێت و ڕۆژانی پێنج شـــەممە و هەینی یارییـــەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەی خوارەوەش خشتە و شوێنی گشت یارییەکانە.

| | |
|---|---|
| پێشـــمەرگەی ســـلێمانی — هەندرێن | یاریگای پێشمەرگەی سلێمانی |
| سلێمانی — سیروانی نوێ | یاریگای سلێمانی |
| سەورە — کەرکووك | یاریگای سەورە |
| زاخۆ — سێمێڵ | یاریگای زاخۆ |
| ئاڵا — ئارارات | یاریگای ئاڵا |
| دهۆك — نەورۆز | یاریگای دهۆك |
| هەولێر — پێشـــمەرگەی هەولێر | یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری |
| بروسك — پێرس | یاریگای بروسك |

ئەمەو گشـــت یارییەکان کاتژمێـــر (٣) ی دوای نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێ.

